# ڕەخنەی کولتووری و ناشیریناسی

حسێن لەتیف
(دەربەندیخان)

١

کولتـوور بێگونـاح نییـە، بەڵکوو بەشـدارە لـە بەرهەمهێنانـی تێگەیشـتنی ئێمـەدا بـۆ هەرشـتێک کـە هەمانـە. کاتێـک لە بـارەی شـتێکەوە دەدوێین، ئـەوە بـە تەنیـا ئێمـە نیـن دەپەیڤیـن، بەڵکـوو ئـەوە کولتووریشـە لەگـەڵ ئێمـەدا دەپەیڤێـت، پەیڤیـن پرۆسـەیەکی تاکەکەسـی نییـە، بەڵکـوو پرۆسـەیەکە کولتووریـش تێیـدا بەشـدارە، هەمـوو ئـەو مانایانـەی ئێمـە بـە کەرەسـتەکانی نـاو سروشـت و دیاردەکانـی نـاو ژیـان و کۆمەڵگـەی دەبەخشـین، کولتـوور بـە ڕاسـتەوخۆیی، یـان ناڕاسـتەوخۆیی ئامادەبوونـی تێیانـدا هەیـە.

کولتـوور دەشـێت ڕێکەوتنێکـی کۆمەڵایەتـی بێـت لەسـەر ڕەنگرێژکردنـی سیسـتمی بیرکردنـەوە و هەڵسـوکەوتی مـرۆڤ، جوانـی و ناشـیرینی، بەرهەمـی کولتـوورن و مـرۆڤ تێیانـدا دەژیـت و ئەوانیـش لـە مرۆڤـدا دەژیـن، هـەم ئاگایانـە و هـەم نائاگایانـە، جوانـی هەمـوو کاتێـک دژە ناشـیرینی نییـە، بەڵکـوو زۆرجاریـش پەردەیەکـە بەسـەر ناشـیرینیدا دراوە، ناشـیرینی لـە دیوی جوانییـەوە خـۆی نمایـش دەکات، هێـزی خـۆی دەنوێنێـت، بـەڵام ئـەوە جوانییـە ناهێڵێـت ئێمـە درک بـە ناشـیرینی بکەیـن، لـە میانـەی ئـەوەوە خۆیمـان نیشـان دەدات، ناشـیرینییە و بەرگـی جوانـی لەبـەر دەکات، بـەو بەرگـەوە دێـت و لەخەیـاڵ و

هزری ئێمە دادەنیشێت. ڕەخنەگرتن لە کولتوور دەبێت ڕەخنەگرتن بێت لە جوانی بە پلەی یەکەم، بە بێ ڕەخنەگرتن لە «جوانیناسی» ناتوانین «ناشیرینی» بناسین. «جوانیناسی» و ڕەخنەلێگرتنی زەمینەیەکە بۆ «ناشیریناسی».

## ٢

ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی تا ئێستا سەروکاری لەگەڵ جوانیناسیدا هەیە، نەپەرژاوەتە سەر ناشیریناسی، ئەمەش لە نائامادەیی تێگەیشتنەوەیە بۆ ڕەخنە خۆی وەک کەرەستەیەکی خوێندنەوە و ڕاڤەکردن، لە دنیای ئێمەدا ڕەخنەی ئەدەبی بە تەنیا خەریکی ڕەوانبێژی شیعر و گێڕانەوە و خەیاڵ و بنیادنانی کارەکتەر بووە، سەرقاڵی دیوی دەرەوەی دەق بووە، دیوی ناوەوەی دەقی بۆ گرنگ نەبووە، لەکاتێکدا ڕەخنە دەکرێت زیاد لە ئەرکێکی پێ بدرێت و هەبێت، بەتەنیشت جوانیناسییەوە، گوتاری دەقیش ڕاڤە بکات، کاتێک ڕەخنەی ئەدەبی هەر بە تەنیا سەرقاڵی جوانیناسییە و ناشیرینی لە میانەی ڕەوانبێژی و جوانییەوە هەژموونی خۆی بەسەر بیرکردنەوەماندا دەسپێنێت، ئەوە ئیتر نووسەرێکی وەک عەبدوڵڵا غەزامی دێت «مەرگی ڕەخنەی ئەدەب» (١) ڕادەگەیەنێت، هەرچەندە ئەو نووسەرە نکۆڵی لەوە ناکات «ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە وەستان لەسەر جوانییەکانی دەق و ڕاهێنانی چێژی جوانی ئێمە بۆ چێژی جوانیی دەقەکان، بەڵام خۆی و ئێمەیشی خستووەتە ناو کوێری کولتوورییەکی تەواوەوە، بەهۆیەوە ئەو خەوشە پەنهانانە نابینین کە لە ژێر عەبا و پەردەی جوانیدا خۆیان شاردووەتەوە» (٢). ڕەوانبێژی ئەو پەردە جوان و پڕ نەخشەیەیە



عەبدوڵڵا غەزامی

کە لەو دیویەوە، ناشیرینی ژیانی خۆی دەژیت، ئێمەش تەنیا نەخشەکانی سەر پەردەکەمان بۆ گرنگە. لەم دۆخەدا جوانی تەنیا ڕۆڵی دێوجامەیەک دەبینێت کە بەهۆیەوە ڕاوچی، گیاندار و پەلەوەرانی پێ ڕاو دەکات، ڕەوانبێژی نەخشی سەر دێوجامەکەیە و ناشیرینیش خودی ڕاوچییە، وەرگریش نێچیرەکەیە. ڕەخنەی ئەدەبی ناتوانێت ئەودیوی نەخشی دێوجامەکە ببینێت، چونکە ڕەخنەی ئەدەبی سەرقاڵی لایەنە جوانی و هونەرییەکانی دەقە و خەوشەکانی گوتاری دەق فەرامۆش دەکات، دەکەوێتە گەمەی ترسناکی ڕەوانبێژییەوە، ڕەوانبێژیی ئەو بەشەی دەقە کە سیستمی کولتووری پەنای بۆ بەردەبات و لێیەوە دەگات بەخوێنەر، چونکە ڕەوانبێژی توانایی فریودانی وەرگر/ خوێنەری هەیە، دەتوانێت ڕاستی بکات بە درۆ و درۆیش لە فۆرمی ڕاستیدا بخاتە ڕوو، لێرەدا شاعیرە ستایشکار و داشۆرەکان نموونەیەکی بەڵگە نەویستن، چونکە شاعیری ستایشکار بە هۆی ڕەوانبێژییەوە، وێنایەکی نائاسایی و سەروو واقیع بۆ ستایشکراو دەکێشێت، لە ئازایەتیدا بە شێر و لە پاکیدا بە فریشتە و لە سەخاوەتدا بە حاتەمی تەی

دەچوێنێت، ڕەوانبێژیش ئەفسوونی خۆی لە هۆشی وەرگری دەقەکە دەکات، شاعیرە داشۆرەکانیش بە هەمان شێوە.

لێرەدا ڕەخنەی ئەدەبی خەریکی لێکۆڵینەوە دەبێت لە لێکچوون و لەوچوون و لەفونەشر و خوازەوە، هەر بۆیە پێویستە جۆرێکی تر لە ڕوانگە و ڕەخنە بۆ دەق سەرهەڵبدات، ئەویش ئەوەیە، یان دەبێت ڕەخنەی ئەدەبی تەنیا سەرقاڵی ڕەوانبێژی و بینای هونەری دەق نەبێت، بەڵکوو بیپەڕێتە سەر گوتاری دەق و وەک ئەرکی خۆی سەیری بکات. بۆ ئەمەش عەبدوڵڵا غەزامی پێشنیاری «ڕەخنەی کولتووری» دەکات.

٣

ڕەخنەی کولتووری، تیورییەک، یان قوتابخانەیەک نییە کلێشەیەکی دیاریکراو بەدەست ڕەخنەگرەوە بدات دەقی پێ ڕاڤە بکات، بەڵکوو کولتوور بواری چالاکی ڕەخنەگرە و ئازادە لە چ گۆشەنیگایەکەوە لە گوتاری دەق و نەسەقە جۆربەجۆرەکانی، لە نەسەقی ئایینییەوە تا دەگات بە نەسەقی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە، هەرچەندە لەسەر دەرکەوتنی «ڕەخنەی کولتووری» ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام بە گشتی دەرکەوتنەکەی بە قۆناغی پاش نوێگەرییەوە دەبەستڕێتەوە، هەریەک لە «لیتش» و «عەبدوڵڵا غەزامی» بە خاوەنی «ڕەخنەی کولتووری» لە ڕۆژاوا و لە دنیای عەرەبیدا دادەنرێن، ئەمەش پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٥ دا، لیتش لە فەرەنساوە ڕۆیشت بۆ ئەمەریکا و لە سمینارێکدا ئەو زاراوەیەی بەکارهێنا، لە ڕۆشنبیریی عەرەبیشدا غەزامی بانگەشەی بۆ دەکات.

بەباوەڕی غەزامی، «ڕەخنەی ئەدەبی لە بنەڕەتدا لەدایک بووی فەلسەفەیە، پاشان ڕەوانبێژی وەک دایکێکی شیردەر لە ئامێزی گرتووە، بە تێپەڕبوونی کات ئەم دایکە شیر پێدەرە بووە بە جێگرەوەی دایکە سروشتییەکە. هەروەک حاڵی منداڵێ کە لە دایکێک دێتە دنیاوە و دایکێکی تر پەروەردەی دەکات، بەم جۆرە ڕەخنەی ئەدەبی لە فەلسەفە جیا دەبێتەوە و دەبێت بە هونەرێکی ڕەوانبێژی» (٣)، بەڵام غەزامی پێمان ناڵێت لە کوێدا ڕەخنەی ئەدەبی لەگەڵ فەلسەفەدا لە پێوەندیدا بووە و لە کوێدا لە فەلسەفە جیابووەتەوە؟ دەشێت بۆ دەستنیشانکردنی پێوەندی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و فەلسەفە، بتوانین بگەڕێینەوە بۆ کتێبی کۆماری ئەفلاتۆن کە تێیدا ڕوانگەی ڕەخنەیی بۆ شیعر دەخاتە ڕوو، یان بگەڕێینەوە بۆ کتێبی هونەری شیعری ئەرستۆ کە تێیدا قسە لەسەر پێکهاتەکانی درامای شیعریی دەکات، بەڵام من ساتەوەختێک نابینمەوە کە تێیدا ڕەخنەی ئەدەبی لە فەلسەفە جیابووبێتەوە، بەڵگەشم لەو بارەیەوە ئەوەیە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدواوە بیرکەرەوە فەلسەفییەکانی وەک فووکۆ و دریدا و دۆلۆز، بە جۆریک لە جۆرەکان کاریگەریی گرنگیان بەسەر ڕەخنەی ئەدەبییەوە هەیە، هەربۆیەشە ناکرێت لەبەر «لێکترازانی ڕەخنەی ئەدەبی لە فەلسەفە- بە دەربڕینی عەبدوڵڵا غەزامی» جاڕی مەرگی ڕەخنەی ئەدەبی بدرێت، ئەمە یەکێکە لە خەوشەکانی تیوری ڕەخنەی کولتووری لە فۆرمە عەرەبییەکەیدا کە غەزامی بانگەشەی بۆ دەکات، چونکە ئەگەر ڕەخنەی ئەدەبی هەر بە تەنیا خەریکی ڕەوانبێژیی بووبێت، ئەوە ئەرکێکی گرنگی جێبەجێ کردووە، خەیاڵ و

فەنتازیا پێداویستی مرۆڤن و پێویستییان بە پڕکردنەوە و وەڵامدانەوە هەیە، مرۆڤ تەنیا بە واقیع ناژیت، بەڵکوو بۆ ئەوەی بەرگەی واقیع بگرێت، پێویستی بە خەیاڵیشە، خەیاڵ بڕێکی زۆر وزەی ژیان بە مرۆڤ دەبەخشێت، خەیاڵ ڕەگەزێکی گرنگی داهێنانی ئەدەبی، تەنانەت زانستییەکانیشە، سەندنەوەی خەیاڵ لە مرۆڤ بەجۆرێک هاوتای لێسەندنەوەی هێزی ژیانە لە مرۆڤ.

«ڕەخنەی کولتووری وەک لیتش بانگەشەی بۆ دەکات لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبیدا دوو بواری جیاوازن، بەڵام دەکرێت بایەخی هاوبەشیان هەبێت، ڕۆشنبیری ئەدەبی دەتوانێت ڕەخنەی کولتووری بگرێت بەبێ ئەوەی دەستبەرداری بایەخپێدانی ئەدەبی خۆی ببێت» (٤).

ڕەخنەی کولتووری، شێوە ڕوانینێکی ترە بۆ دەقی ئەدەبی، مامەڵە و بەرکەوتێکی جیاواز لەگەڵ دەقی ئەدەبی دەکات، جیاواز لەو مامەڵە و بەرکەوتەی ڕەخنەی ئەدەبی لەگەڵ دەقدا دەیکات. ڕەخنەی ئەدەبی تەنیا گرنگی بە لایەنی جوانیناسی و ڕەوانبێژی دەق دەدات و ناپەرژێتە سەر گوتاری دەق، واتە ڕەخنەی ئەدەبی زۆرتر کار لەسەر فۆرم دەکات، لەکاتێکدا ڕەخنەی کولتووری کار لەسەر گوتار دەکات، هەڵبەتە ئەمە لە ڕوانگەی (عەبدوڵڵاغەزامی) یەوە کە بانگەشە بۆ تیوری ڕەخنەی کولتووری دەکات لەسەر حسابی ڕەخنەی ئەدەبی، غەزامی لەو کتێبەی خۆیدا ( ڕەخنەی کولتووری/ خوێندنەوەیەک بۆ سیستمی ڕۆشنبیریی عەرەبی) باس لەوەدەکات ئێمە چەندە پێویستمان بە جوانیناسی هەیە، ئەوەندەش پێویستمان بە ناشیرینناسی هەیە، لەپشت هەرجوانییەکەوە، ناشیرینییەک وەستاوە، ڕەوانبێژی ئەو ماسکەیە کە ناشیرینی بەستوویەتی تا ڕوخساری نەناسینەوە و کاریگەری خۆیمان لەسەر دابنێت. ناشیرینی لە ڕێگای ڕەوانبێژی و فەنتازیاوە دەبێتە بەشێک لە هۆشیاری مرۆڤ و دواتریش بەشێک لە ئاکاری مرۆڤ، بەهەمان شێوە جوانیش دەکرێت ببێتە بەشێک لە هۆشیاری و ئاکاری مرۆڤ، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە ئەوەی کە حوکمی عەقڵی مرۆڤ دەکات (بنیاد/ نەسەق، یان سیستمی) ڕۆشنبیرییە.

لە ناو تیوری کولتووری ڕەخنەییدا، عەبدوڵڵا غەزامی دەستەواژەی (مؤلف مزدوج/ نووسەری دووانەیی) بەکار دەهێنێت، مەبەستی لە نووسەری دووانەیی ئەوەیە ئەوە دەقنووس نییە بە تەنیا دەقێک دەنووسێت، بەڵکوو هاوزەمان کولتووریش لەگەڵ دەقنووسدا بەشداری لە نووسینی دەقدا دەکات، کولتوور نەسەقی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، ئەو نەسەقەی کولتوور بەرهەمی دەهێنێت، بە نەسەقی پەنهان ناو دەبات و ئەوەشی دەقنووس بەرهەمی دەهێنێت، بە نەسەقی ئاشکرا ناو دەبات، هەرچی نەسەقی ئاشکرایە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی دەق و ئەوەشی نەسەقی پەنهانە دەکەوێتە بەشی ژێرەوەی دەق، ڕەخنەی ئەدەبی لەگەڵ بەشی سەرەوەی دەقدا بەرکەوتن دەکات و ڕەخنەی کولتووریش لەگەڵ بەشی ژێرەوەی دەق، ئەگەر کەمێک فرۆیدیانە لە بابەتەکە بڕوانین، ئەوە دەتوانین بێژین دەق بوونێکی زیندووە، جوانی، بەشی ئاگاییە و ناشیرینیش، نائاگایی دەقە، بەو شێوەیەی نائاگایی هەڵسوکەوتی مرۆڤ ئاراستە دەکات نەسەقی پەنهانیش دەق ئاراستە دەکات.

٤

نوێگەری کۆنەپەرستانە، دەربڕینێکی تری (عەبدوڵڵا غەزامی)یە، لە بەرانبەر هەریەکە لە نزار قەبانی و ئەدۆنیس بەکاری دەهێنێت، گوایە کۆنەپەرستی وەک نەسەقێک لەدەق و گوتاری شیعری ئەواندا ئامادەیی هەیە، بۆ نموونە گوتاری (کەڵێتی/ فحولة). با پێکەوە لەم شیعرەی نزار قەبانی بڕوانین:

**مەمکێکی ڕەش، یان سپی نەماوە**
**ئاڵاکانی خۆمم لە خاکیدا نەچاند بێ**
**گۆشەیەک لە جەستەی جوانێک نەماوە**
**گالیسکەکانم بەسەریدا نەڕۆشتبێت**
**لە پێستی ژنان عەبام دووریوە و..**
**لەگۆی مەمکەکانیان هەرەمگەلێکم بنیاد ناوە.**

ئەم دەقە لەقەسیدەی (الرسم بالکلمات) بە نموونە هێنراوەتەوە، غەزامی دەقەکە بەبەیاننامەیەکی فەرمی لەبارەی کەڵێتییەوە ناودەبات، (ئەو وتانەی نزار دەریبڕیون زمانحاڵی هەموو کەڵ و هەموو پیاوێکە، چونکە گوزارشتن لە نەسەقی کولتووری کە لە زیهنی پیاواندا چێنراون لەبارەی وەزیفەی وجوودیانەیانەوە لەگەڵ جەستەی ژندا) (٥). ئەو گوتارەی لەم شیعرەدایە، گوتارێکی نێرانەیە، لەم گوتارەدا ئافرەت تەنیا مەیدان و بوارێکی خۆش و بە چێژە بۆ خودی شاعیر، دیدی شاعیر درێژکراوەی دیدە باڵادەستە کولتووریەکەیە کە ئافرەت تەنیا وەک گۆشتێکی ناسک و بەتام دەبینێت و هیچی تر، نزار قەبانی نەک نەیتوانیوە نەسەقێکی جیاواز بەرهەم بهێنێت، بەڵکوو نەسەقە باوەکەی لە فۆرمێکی نوێدا دەربڕیوەتەوە. فۆرمێکی دەربڕینی جوان و گوتارێکی ناشیرین لەم دەقەدا هەیە، دیدێکی نێرانە و زبر، بە زمانێکی نەرم و مۆسیقایی، هەر ئەمەیە ناشیرینی ناو جوانی.

(جەماوەری ڕازی و چەپڵەلێدەر غروور و لووتبەرزی سەردارەکەی خۆی زیاد دەکات، هەمان شت بۆ (نزار قەبانی)ش هەر ڕاستە، چونکە ئەو بەرهەمی کولتووری کەڵێتییە و جەماوەرەکەی لە هەمان کولتوور ئاو دەخۆنەوە) (٦). ئەوەی کە گوناحبارە لە بەرهەمهێنانی ئەو گوتارە شیعرییەدا نزار قەبانی نییە، بەڵکوو ئەو کولتوورەیە کە نزار قەبانی تێیدا دەژیت، ئەو جەماوەرەیە پێشوازی لەو گوتارە شیعرییە دەکات، جەماوەریش بە هۆی ڕەوانبێژییەوە تووشی کوێری کولتووری بووە، توانایی ناسینەوەی ناشیرینی لە ناو جوانیدا نییە. جەماوەری چەپڵە لێدەر بەو شێوەیەی ستەمکار لە کایەی سیاسیدا دروست دەکات، کەڵیش لە کایەی شیعر و ئەدەبدا دروست دەکات، جەماوەر بەدوای شتی گشتی و هاوبەشدا دەگەڕێت، نەک تایبەت و جیاواز. جەماوەر عەقڵ ئاراستەی ناکات، بەڵکوو هەست و سۆز ئاراستەی دەکات، ئەو جەماوەرەی چەپڵە بۆ شیعری نزار قەبانی لێ دەدەن لە ئێوارە شیعرییەکاندا، دەشێت وەک تاکەکەس تێڕوانینیان بۆ ژن زۆر مرۆڤانە بێت، بەڵام دەکەونە ژێر کاریگەری ڕەوانبێژییەوە، بیریان دەچێتەوە گوتارە شیعرییەکەی نزار قەبانی پێچەوانە و دژ بە قەناعەتەکانی ئەوانە.

(ئەدۆنیس)یش بەهەمان شێوەی نزار قەبانی، بە کەڵ و کەڵبازی ناو دەبات، چونکە دیاردەی ئەدۆنیسی لە شیعری عەرەبیدا دروست بووە، مادام دیاردەی ئەدۆنیسی هەیە، مانای ئەوەیە ئەوی تر نابێت بوونی هەبێت، شیعر دەبێت ئەدۆنیسیانە بنووسرێت، غەزامی سیماکانی شیعری ئەدۆنیس بەچەند خاڵێک کورت دەکاتەوە:

١- دژە ژیربێژی و عەقڵانیەتە.

٢- دژی واتایە و گرنگی بە فۆرم و دەربڕین دەدات.

٣- دەستەبژێرانەیە و میللی نییە.

٤-دابڕاوە لە واقیع.

٥- نامێژووییە.

٦- تاکگەرا و بالآیە، دژی ئەوی ترە.

٧- پوختەیەکی گەردوونی بالآ و خودییە.

٨- پشت بە دانانی کەلێک لە جێگەی کەلێکی تر و دەسەلآتێک لە جێگەی دەسەلآتێکی تر دەبەستێت.

٩- ئەفسوونییە و خود سەنتەرە تێیدا.(٧).

بە باوەڕی غەزامی، گوتارە ناڕەسمییەکان توانایی گشتی بوونەوەیان زۆرترە و لە ناو کۆمەڵگەدا کاریگەری زۆرتریان هەیە، وەک گوتاری سیاسییەکان و ڕیکلامە بازرگانییەکان و نوکتە. ئەو ئەدۆنیس بە نوێگەرێکی شکڵی ناو دەبات، نوێگەر لە فۆرمدا نەک لە ناوەڕۆک و گوتاردا. گوتاری (ئەدۆنیس)یش گوتارێکە ڕووی لە دەستەبژێرێکە و توانایی گشتی بوونەوەی نییە، هەر بۆیە نوێگەرێکی بێ کاریگەرییە.

٥

شیعر دیوانی عەرەبە، ئەمە دەربڕینێکی زۆر باوی ناو دنیای نووسینی عەرەبییە، هەرگیز نکوڵی لەوە ناکرێت کە شیعر ڕووبەری گەورەی لە ناو کولتووری عەرەبیدا داگیر کردووە، بەلآم خۆ عەرەب بەتەنیشت شیعر و شاعیرانەوە، ژیربێژی و فەلسەفەیان هەبووە، بەتەنیشت بوحتری و فەرزدەق و (نابیغە ئەلزوبیانی) یەوە، ئیبن ڕوشد و جاحز و (فارابی)یان هەبووە، بەلآم دیارە شیعر هەژموونی بەسەر مرۆڤی عەرەبەوە زۆرتربووە، بۆیەشە غەزامی ڕووبەرێکی کتێبەکەی خۆی بۆ بە شیعرکردنی مرۆڤی عەرەبی تەرخان کردووە و دەڵێت لە ڕێگای ڕەوانبێژییەوە (مرۆڤی عەرەبی بە شیعر کراوە)، بەلآم پرسیاری من ئەوەیە پاش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام، ئایا دەکرێت هەر بڵێین مرۆڤی عەرەبی بە شیعر کراوە؟ یان بەر مرۆڤێکی تری عەرەبی دەکەوین بە دەقی ئایەت و بە فەرمووودە قسەدەکات؟ غەزامی شیعر بە بەرهەمهێنەری نەسەقی کولتووری نازانێت، بەڵکوو شیعر جەستەیەکە و نەسەقی کولتووریش وەک ڤایرۆسێک تێیدا دەژیت، شیعر هەڵگری ئەو ڤایرۆسەیە. ئیشی ڕەخنەی کولتووریش بینینی ئەو ڤایرۆسەیە لە ناو جەستەی دەقدا.

٦

ئێدوارد سەعید لە نووسینێکیدا بە ناوی «گواستنەوەی تیورەکان» (٨) باس لەوەدەکات هەر تیورەیەک لە ژینگەیەکی تایبەتی خۆیدا سەرهەڵدەدات، دەشێت هەندێک گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی خۆیدا بکات، بەلآم کاتێک تیورەکان بۆ ژینگەیەکی تر کۆچ دەکەن، گۆڕانیان بەسەردا دێت، ناکرێت هەمان ئەو کاریگەرییەی هەبێت کە لە ژینگەی خۆیدا هەیبووە، ڕەنگە زیانیش لە ژینگەی کۆچ بۆ کراو بدات ئەگەر بێتو بە ناو فلتەری ڕەخنە و پرسیاردا نەڕوات، پشکنینی بۆ نەکرێت، وەک چۆن تەوژمی مارکسی/ حزبی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا و تەوژمی ئیسلامی سیاسی لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا هاتنە ناو ژیانی کۆمەڵگەی کوردییەوە و کاریگەری نەرێنییان لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردی دروست کردووە، بەهەمان شێوە پێویستە لە گواستنەوەی تیورە ئەدەبیی و ڕەخنەییەکاندا وردبین بین، بۆیە ڕەخنەی کولتووری ئێمە

لە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە ئاشنای دەبین و تێبینی خۆمان بەم جۆرە لەسەر تیورەکە دەردەبڕین:

١ - لە دایکبوون و سەرهەڵدانی ڕەخنەی کولتووری نابێت لەسەر حسابی ڕەخنەی ئەدەبی بێت، وەک غەزامی بانگەشەی بۆ دەکات، دەکرێت ڕەخنەی ئەدەبی و کولتووری هەریەکەیان ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، بەمەش ئاسۆی تێگەیشتنی خوێنەر لە دەق فراوانتر دەبێت.

٢ - کاتێک ئەم تیورە دەگوێزینەوە بۆ ناو ڕۆشنبیریی کوردی، پێویستە ئەوەمان لە بەرچاو بێت، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هێشتا وەک پێویست ئاشنای تیورە ڕەخنەییەکان نەبووە، زۆرتر لە باری سەرنجەوە نزیکە، بۆیە هێشتا ڕەخنەی ئەدەبی توانایی بەخشینی زیاتری بە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هەیە.

٣ - فەنتازیا و خەیاڵ پێویستی مرۆڤن و ناکرێت بە بیانووی مەرگی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دەستبەرداریان بین.

٤- لە ناو ڕۆشنبیریی کوردیدا، شیعری ستایش ئێجگار کەمە، بە پێچەوانەی شیعری عەرەبییەوە کە شیعری ستایش تێیدا ڕووبەری گەورەی داگیرکردووە، هاوکاتیش زەمینەی بەرهەمهێنانی کەڵە شاعیری لەناویاندا خوڵقاندووە.

٥ - عەبدوڵلا غەزامی بەم تیورە کەلەپووری شیعری عەرەبی خوێندووەتەوە، دەکرێت لە دەرەوەی شیعر، ئێمە چیرۆک و ڕۆمان و تابلۆیشی پێ بخوێنینەوە، چونکە ئەوە شیعر نییە بە تەنیا نەسەقی کولتووری بەرهەم دەهێنێتەوە، بەڵکوو میوزیک و گۆرانی و شانۆنامە و تابلۆش هەمان شت بەرهەم دەهێننەوە.

٦ - عەبدوڵلا غەزامی بە تەنیا شیعر بە هۆکاری کوێریی کولتووری دەزانێت و بە هیچ جۆرێک بە دەوری باسی ئایینەدا نەچووە!

پەراوێزەکان:

١- عەبدوڵلا غەزامی، لە کۆڕێکدا دەربارەی شیعر لە توونس لە ١٩٩٧/٩/٢٢، مەرگی ڕەخنەی ئەدەبی ڕاگەیاندووە، دیسانەوە لە ڕۆژنامەی ئەلحەیات لە ساڵی ١٩٩٨ جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە. هەرچەندە ئەو وەک خۆی لە کتێبی - النقد الثقافي - قراءة في الأنساق الثقافية العربية - دا دەڵێت ئەو ڕاگەیاندنەی بە مانای ئەوە نایەت دەستکەوتەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ڕەت دەکاتەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە توانایی بینینی خەوشەکانی نەسەقی کولتووری نییە، بەڵام لە کتێبی (النقد الثقافي ام النقد الأدبي)، ل١٦٦دا دەڵێت «ڕەخنەی ئەدەبی گەشتووەتە تەمەنی نائومێدی.

٢- عبدالله الغذامي، النقد الثقافي - قراءة في الانساق الثقافية العربية، ط٣، سنة ٢٠٠٥. ص ٧-٨

٣- الدكتور عبدالله محمد الغذامي، الدكتور عبدالنبي اصطيف، النقد الثقافي ام النقد الأدبي، ط١، سنة ٢٠٠٤، ص١٨.

٤- د. ميجان الرويلي و د، سعد البازعي، دليل النقد الأدبي، ط٣، سنة ٢٠٠٢، ص٣٠٩-٣١٠.

٥- عبدالله الغذامي، النقد الثقافي - قراء في الانساق الثقافية العربية، ط٣، سنة ٢٠٠٥، ص٢٦٦-٢٦٧.

٦- عبدالله الغذامي، النقد الثقافي - قراءة في الانساق الثقافية العربية، ط٣، سنة ٢٠٠٥، ص٢٦٨.

٧- عبدالله الغذامي، النقد الثقافي - قراءة في الانساق الثقافية العربية، ط٣، سنة ٢٠٠٥، ص ٢٩٤.

٨- بۆ خوێندنەوەی وتارەکەی ئێدوارد سەعید خوێنەر دەتوانێت بڕوانێتە ئەرشیڤی گۆڤاری الكرمل، ژمارە٩.